# بالاپۆشی (حیجاب)

حەسەن پێنجوێنی

خوشکانی موسڵمان سڵاوی خواتان لێ بێت
ئافرەتێك باسی خۆی دەكرد چۆن خوا رێنموونی كرد و هیدایەتیدا ( ئەڵبەت لەوەپیش لە ئاینەكەی بێئاگا بوو) و گوتی: من لەبازارێكا دەگەرام بە پۆشاكێكەوە كەنوێترین مۆدیل و داهێنراوەی پۆشاكخانەبوو، عەباكەیشم باسی نوێترین مۆدەی دەكرد، لەگەڵ سەر پۆشێكدا كە پیشاندەری زاڵبونی بزمەتەی چەندساڵەی غەرب زەدە بوو لەدەروونەكاندا بۆحیجاب گۆرین.
ئا لەوكاتەدا لاوێك بەلاما تێپەری‌و بەزمانێكی پر لەبەزەیی و دڵسۆزییەوە گوتی:خۆت داپۆشە.خوا لە دنیاو قیامەتا بتپۆشێ.. ئەڵلاهو ئەكبەر، ئەو وتەیە چەند لەدەروونما كاریگەر بووا!!
ئەم نزایە هەموو گیانمی هەژاند، و دڵمی داچڵەكاند، و هۆشمی بەهۆش هێنایەوە، لەخۆمم پرسی: ئایا ئەم لاوە ئامۆژیارە دەمناسێ؟ نە.. نە..شتێك نییە هەڵبوێریم بكات لە كیژگەلێكی زۆری وەك خۆم، كەوابوو بۆ دوعای پۆشتەییم بۆ دەكات، نەك هەر لەدنیادا بەڵكو لە قیامەتیشا!! بەخوا بێت ونەبێت خێری منی دەوێ و دەیەوێ داپۆشراو بم، دەترسێ بەر سزای ئاگر و ئازاری گۆر كەوم، پاش بیركردنەوەیەكی قووڵ گەرامەوە بۆ لای خوا و داوای لێ خۆشبوونم كرد..و باڵاپۆشیم كردە كاڵای باڵام. .هەستم بە رێزی دەروون و بەختیاری گیانم دەكرد، چونكە توانیومە بەسەر هەواو هەوەسی دەروونمدا زاڵ ببم، و واز لە پۆخڵەواتی بیری بازرگانانی مۆدەی جلی ئافرەتان بێنم..

خوشكی بەرێز! ئەو پزیشكەی بۆنەخۆشەكانی ئامۆژیار و لەكاریا دڵسۆزبوو نەخۆشەكانی لە جۆری نەخۆشیەكەیان ئاگادار دەكاتەوە و پێیان دەڵێ كەبەدەست چیەوە دەناڵێنن، و راستگۆیانە دەرمانی سوود بەخشیان بۆ دەنووسێ..
لەراستیا ئەوەی من لەبەرتۆدا دەیبینم زۆر لە خۆجوانكردن و خۆدەرخستنەوە نزیكترە تا خۆداپۆشین و جوانی شاردنەوە. بەڵێ، خوشكە پاكە پاكداوێنەكەم! تەنیا رەشبوونی بەرگ بەس نییە بۆ ئەوەی پێی بگوترێ خۆ داپۆشین و جوانی پاراستن، بگرە وەنەبێ خۆ دەرخستن تەنیا بەوە بگوترێ كە بەشێك لە جوستەت بۆ پیاوانی بێگانە دەر بخەیت و بەس، بەڵكو خۆ دەرخستن (تەبەرروج) بەواتای خۆ جوانكردنیش دێ، كاتێ دەڵێن: ئاسمان خۆی دەرخست، واتە: بەئەستیرەكان خۆیجوان كرد، خۆجوانكردن ئەوەیە: ئافرەت خۆی بۆ پیاوان جوان بكات بەبەرگ و پۆشاك، یا بەرەنگ وخشڵ، یا بە جۆری رۆیشتن و قسە كردن.. یا ئەو شتانەی تریش كەدەیەوێ خۆی بۆ پیاوان دەربخات، و سەرنجیانی پێ رابكێشێ..

خوشكی بەرێز! خۆت لە سزای پۆشینی پۆشاكێك بپارێزە كەجوانیت دەربخات، چونكە لەفەرموودەیەكی دروستا پێغەمەر h باسی دووتاقم لە خەڵكی جەهەننەم دەكات كە پێشتر نەیبینیون، لەناویانا باسی ئافرەتانێك دەكات كە بەرگیان لەبەرایەو روتیشن، مەیل دەدەن ومەیلی خەڵكیش رادەكێشن، سەریان لە كۆپارەی پشتی وشتر دەچێ.. " صنفان من أهل النار لم أرهما..." وذكر منهما "نساء كاسيات

عاريات مائلات مميلات، رؤوسهن كأسنمة البُخت المائلة " ئەمە لە یەحیحی موسلیما، و لە یەحیحی بوخاریشا دەفەرموێ: " رب كاسية في الدنيا عارية في الآخرة "... هەندێ پۆشاك لەبەری دنیا لەقیامەتا رووتن..بەڵێ، خویان پۆشیوە بەڵام بە جلێکی کەمەند کێشکەری پیاوان، یا تەسك یا تەنك یا کورت..

خوشکەکەم! ئافرەتێك خوا شەرەفی موسڵمانبوونی پێدابێ، و بە ئیمان وباوەر بەرێزی کردبێ، سنووری پۆشاك و پەرژینی جوانی بۆدیاری کردبێ، ئەشێ لەو پلەیە نەیەتە خوارەوە و بەناوی هاوچەرخی و ئازادیەوە وازی لێ نەهێنێ!! لەهەمانکاتا رازیبێ و بەڵکو شانازیشی پێوە بکات کە دەستێکی رۆژئاوایی کافر، یا عەلمانییەکی فاجر بۆی دروست کردبێت، بەبیانووی ئەوە کە مۆدەو شارستانیەتی و حەزارەتە.. نە، نە .. هەزارجار نە.. خوشکی موسڵمان تۆ بیتو خوات ئایا شارستانیەتی یەعنی واز لەدین هێنان؟

بێگومان نە، بەڵکو دەبێ قۆچی هەموو شەپۆلەکانی مۆدە و رەشەبای خانەیجلان تێك بشکێ لەبەرامبەر گابەردی ئیمانی جێگیربووتەوە و قەناعەتی تەواوتەوە بەپۆشاکێکی داپۆشەر.. خۆشکە باوەرت هەبێ ئەوان بەسەرزار تۆیان دەوێت، دەیانەوێ وەك پارچەیەك پیشانت بدەن، و وەك خوانێکی سەرلادراو .

خوایش دەفەرموێ: (واللـه يريد أن يتوب عليكم ويريد الذين يتبعون الشهوات أن تميلوا ميلا عظيما.)خوا دەیەوێ تۆبەتان لێ وەربگرێ، و ئەوانەی شوێن هەواو هەوسیش کەوتون دەیانەوێ لەحەق لا بدەن ویەخە لە خۆداپۆشین هەڵتەکێنن.. ئەنجامی شوێنکەوتنی ئەوانەش دووربوونە لە رەحمەتی خوا و بێ بەشبوون لە بەهەشت.. ئەوتە پێغەمەری خۆشەویستمان دروودی خوای لێ بێ دەفەرموێ: " وشر نسائكم المتبرجات المتخيلات، وهن المنافقات، لا يدخل الجنة منهن إلا مثل الغراب الأعصم " حديث صحيح)خراپترینی ئافرەتانتان ئەوانەن کە جوانی خۆیان دەردەخەن و گەنجان گیرۆدە دەکەن، ئەوانەش مونافیقەکانن و وەك قەلی سپی نەبی لێیان ناچێتە بەهەشتەوە.. کە قەلەرەشەی سپیش ناوێزە و نادرە.. دەمخۆشی بۆ ئەو هۆنەرەی کەگوتویەتی :

کیژ گەلێك کە لەماڵەوە بە قورئان وسوننەت گۆشکرابوون بەپاکی و راستگۆیی پێشکەوتن. و چەندان کیژیش بە هۆی لادانیانەوە لەلووتکەی پلەی رێزیانەوە کەوتنە خوار و دەبێ نرخەکەیشی بدەن..

خوشکەکەم !

ترسم بۆ پاشەرۆژ و دڵسۆزیم بۆت وام لێدەکەن ئەم پرسیارەت ئاراستە بکەم: بۆچ گەمەکردن بە وحیجابە؟ ئایا نەتزانیوە کە ئەوە شەرەفی ئافرەتی موسڵمانەو عیززەتی ئیمانداره؟

تاکەی کیژانمان جوستەیخۆیان دەکەنە پەیکەرێك بۆ ئەوەی رۆژئاواییەکان پۆخڵەواتی بیریانی لەسەر پیشان بدەن؟و بەرگی بێ حیجابی پیا هەڵبواسن؟ تەنیا بۆ ئەوەی یاری بە دڵی پیاوان بکەن و ئارامبوەکانی لاوان بووروشێنن، ئایا باسی ئەو ئافرەتە کەنەدیەت نەبیستوە کە موسڵمان بوەو حیجابی لەبەرکردوەو بەشانازی کردن بە ئاینەکەی وحیجابەکەیەوە گوتویەتی: من ئافرەتێکی موسڵمانی کەنەدیم ساڵ ونیوێك دەبێ بوومەتە موسڵمان، و لەو کاتەوە حیجاب لەبەر دەکەم و عیززەت و شانازیم بەئاینە نوێکەمەوەیەو بۆ هەرکوێ بچم لەتەکمان..

خۆشکی بەرێز! شوێنێ کە دەبێتە هۆی گیرۆدەکردنی پیاوان بۆچ دەری دەخەیت؟ لەگەڵ ئەوەدا خوا فەرمانی بەداپۆشینی کردووە(ولا يبدين زينتهن إلا لبعولتهن)( النور:31) باجوانیەکانیان بۆ جگە لە هاوسەرەکانیان دەرنەخەن. ئایا نازانی کاتێ خراپکاران نەیانتوانی قەناعەتت پێبکەن بە: لابردنی حیجابەکەت

و نەیانویرا پێت بڵێن: شوێنە ورووشێنەرەکانت بەیەکجاری دەربخە، پەنایان بردە بەر چەندان فێڵ و تەڵەکەی شەیتانی کە ئیبلیس چپاندبووی بەگوێیاندا و پەروەردگارمان ئاگاداری کردووینەوە تا نەکەوینە داویان، ئەوەتە خوا دەفەرموێ: (يا بني آدم لا يفتننكم الشيطان كما أخرج أبويكم من الجنة ينزع عنهما لباسهما ليريهما سوءاتهما) الاعراف:27)واتە: ئەی ئادەمیزاد! با شەیتان لە خشتەتان نەبات، هەروەك باوك و دایکتانی لە خشتە برد و بەدەرکردنی دان لەبەهەشتا و بەرگی لەبەر داماڵین تا عەیب و عەورەتیان پیشان یەکتر بدات . فێڵەکانیان لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە پۆشاکێ بۆ خەڵکی بسازێنن تاجێگربێ بۆ باڵاپۆش و ئەوەی جێگای گیرۆدەکردن دادەپۆشێ، و سەرەنجام ئەو جۆرە جلانە قۆناغ بەقۆناغ و هەنگاو بەهەنگاو پەردە لادەبەن و پۆشتەیی ناهێڵن. بە پرۆ پاگەندەی پەیتا پەیتا و بە قسەی لووس و فێڵبازانە هەڵیانخڵەتاندی و گوتیان: ئەمە جلی ئافرەتی پێکەوتووە، وبەرگی خانمی هاوچەرخە، وئەوەش جلیجوانی بووکێنییە، وئەو پانتۆڵانەش بۆ ئەوانەیە کە زەوقی بەرزیان هەیە، بۆ جوانیت، بۆ ناو جێی شەوانەت.. بۆ بۆنە بەختیاریە کانت!!
یا ئەڵلا !! ئەو جلانەی ئەوان بەناوی حیجابەوە دای دێنن جۆرێکە لە جۆرەکانی جوانی دەرخستن، و لەناوبردنی شەرم وحەیا.. ئەندامەکانی لەشی ئافرەت هەمووی بەرجەستەو دیارییە، و مەچەکەکانی هەڵکراون، وشانەکانی دەرکەوتوون، وعەباکەی نەرم ولووسە، وسەرپۆشەکەی بەزەردی زێرین گوڵچێنکراوە! ئەی خوشکی بەرێز! ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەرووی بانگخوازانی غەرەب زەدەیی، و ئەوانەی خۆیان بە رزگارکەرانی ئافرەت دەزانن هەڵبشاخێیتەوە؟ هەروەك خوشکەکەت لەوشارە پیرۆزەوە بەروویانا هەڵشاخایەوە و گوتی: " بەداخی دڵتانەوە بمرن، ئیتر لەجیاتی چاو و راوی رسوایی و قسەی بێمەعناتان، گوێ بۆ نامەی پەروەردگار و رێنوێنییەکانی پێغەممەرەکەم h دەگرم، یاساو دەستووری ژیانم لەوێوەیە، منی ئافرەتی موسڵمان، قەڵای قایمم حیجابەکەمە، ئەیگورگە چاوبرسییەکان! بەداخی دڵتانەوە بمرن..
خۆت لە دەرخستنی جوانیت(هەرچەند کەمیش بێ) و ئەو شوێنانەی دەبنە هۆی گیرەۆدە کردنی پیاوان بپارێزە، ئەوە ئافرەتێکی ئەمریکی نۆ موسڵمانە نایەوێ بڕوات بۆ بازار چونکە لەبیری چووە گۆرەوییەکانی لەپێ بکات، و دەڵێ: چۆن بچمە دەرەوەو بەشێك لە جوستەم خەڵکی نا مەحرەم ببینێ و سەرپێچی فەرمانی خواو پێغەممەر h بکەم؟ !

خۆشکی بەرێز! بۆچ پارێزگاری لەفەرمانەکانی پەروەردگارت ناکەیت، و سنوورەکانی ناپارێزیت، و مافەکانی پەروەردگارت شارەزا نابیت؟ مەگەر کاتێ لەسکی دایکتا بوویت بەخواردن و خواردنەوە و پاریزگاری و گەرمراگرتن چاودێری نەدەکردیت؟ دە تۆیش چاودێری ئاینەکەی بکەو پابەندی فەرمانەکانی ببە، لەشوێنەوارا هاتووە کە خوا دەفەرموێ: " إني والإنس والجن في نبأ عظيم، أخلق ويعبد غيري، وأرزق ويشكرسواي " واتە: من و پەری و ئادەمزاد لەهەواڵێکی گەورەداین، من بەدیهینەرم وجگە لەمن دەپەرستری، من ژێواری دەدەم و جگە لەمن سوپاس دەکرێ.. ئەوفەرمودە خواییەت لەبیر نەچێتەوە کەدەفەرموێ: (يوم لا ينفع مال ولا بنون، إلا من أتى الله بقلب سليم) الشعراء: 88،89 . خوا باسی رۆژی قیامەت دەکات کە "رۆژێکە ماڵ و منداڵ هیچ سوودێکیان نابێ، مەگەر بۆ کەسێك بەدڵی پاك وبێ خەوشەوە بۆلای خوا گەرابێتەوە. پاك بێ لە شوبهەیەك کە گومان لەدینی خوادا دروست دەکات، پاك بێ لەهەواو هەوەسێك پێشبخرێ بەسەر فەرمانی خواو بەدەستهێنانی رەزامەندیا، وپاك بێ لەو غەزەبەی دوشمنایەتی بۆ خەلقی خوا بەدی دینێ. خوابمان خاتە ریزی دڵپاك و بێخەوشەکانەوە.

خوشکەکەم، ئەی کیژی ئیسلام! بەپاکراوی لەمنی وەربگرە تۆ( بەرەورووی جەنگێکی بلێسەداری سەر و مری رۆژئاوایی و فیتنەگەلێکی بێ ئاگربەستی شەیتانیانە دەبیتەوە، و بەرامبەر ئاینەکەت و رەوشتەکەت، و پاکدامێنیەکەت شەرت پێ دەگێرن، بەڵکو شەر بەهەموو رواڵەتێکی خێرو حەیات دەگێرن، شەرێکی زاڵمانەی ئاشکراو بێ پەردە، هەموو هەڵخڵەتێنەرێك و تازەیەکیان بۆ ئامادە کردوویت، دەیانەوێ حەق و هەموو شتێکی بەسوودت لێ بشارنەوە، ئایا لەبەرامبەر رەشەبای باتڵ و بەڵێنە هەڵخلەتێنەرەکانی شەیتانەوە خۆت بۆ دەگیرێ؟ ئایا لەبەرامبەر ئەو لافاوە بەهێزەی چاو وراو وفیتنەوە دەتوانی بەبیرو باوەرەکەتەوە وەك چیای سەرکەش بوەستی و شانازی بەئاینەکەتەوە بکەیت وخۆ پۆشین و حەیاکەت بپارێزیت؟ یا رەشەبای باتڵ هەڵت دەگرێ و فرێت دەداتە شوینی فەساد و وبەهەڵدێری خراپەکاریدا تلێرت دەکاتەوە و شەپۆڵەکان فرێت دەدەنە زەلکاوەکانی مۆدەی فاجیر و بەرگی بێ حیجابییەوە؟

ئەگەر لەجۆری یەکەمیانی (کە شانازیکردنە بە ئاین و بەختەوەربوون بەحیجاب وراسترەوی وپابەندبوون بەحەقەوە) پیرۆزبایی لەئۆمەتی ئیسلامی دەکەین بەتۆو وێنەی تۆوە، پێم وایە کە تۆیش دەڵێیت: بەڵێ بەڵێ لەو جۆرەم..

خۆ ئەگەر خوا نەخواستە لەجۆری دوەمیشیانی (کە لەگەڵ مۆدەدا دەرۆن،و لاسایی جل وبەرگی خەڵکی دوور لەدین دەکەنەوە و بەشوێن بەرنامەی بێ شەرمی کەناڵەکانا دەگەرێن، و پشت لە ئایەتە ئاشکراکانی خوا دەکەن، وخۆ لە مردن و گۆر و لێپرسینەوەی قیامەت خافڵ دەکەن) ئەوا کلۆڵی و کویرەوەرەی بۆ نەتەوەکەت بەبوونی تۆو وێنەی تۆوە. پێم وایە تۆیش بڵێیت: نەئـ بۆ سەردەمی غافڵبوون، بەڵی بۆ کردەوەی چاکە. وپەشیمان ببیتەوە و بگەرێیتەوە بۆ لای بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانەکان و بپارێیتەوە و بڵێیت: خوایە سەقامگیریم پێ ببەخشی لەسەر بەرنامەکەت، لەسەر ئاینەکەت، منیش بەم ئایەتە قورئانیە مژدەت دەدەمێ کە دەفەرموێ: (من عمل صالحا من ذكر أو أنثى وهو مؤمن فلنحيينه حياة طيبة ولنجزينهم أجرهم بِأحسن ما كانوا يعملون ) النحل: 97.واتە: ئەوەی کارو کردەوەی چاك بکات، پیاو بێ یا ئافرەت، و رێبازی ئیمان بەرنەدات، بێگومان بەژیانێکی ئاسوودە دەی ژیەنین و بە جوانترین شێوە پاداشتی کردەوەی چاکیان دەدەینەوە.